# لەناوهەندێك كیانی سیاسی  درێژەدان بەفاشیزمی بەعس بەردەوامە

فەرەیدون حەمەڕەشید   سویسرا
Faraidun_73@hotmail.com

دوای كێشمەكێشێكی زۆر لەشەڕی سپی نێوان پێكهاتەجیاوازەكان بۆنووسینی دەستووری هەمیشەیی كەبەپێچەوانەی كاتی ئاسایی خۆی دوای سیانزەرۆژ درەنگتر لە(8/28)لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقەوەپەسەندكرا.تالە( 1ی تشرینی یەكەم)دا خەڵكی عێراق لەڕیفراندۆمێكی دەستووری گشتی دا بە( بەڵێ یان نەخێر )ڕای خۆیان لەسەربدەن,      ,كەئومێدوچاوڕێ یەكی زۆرلەپەسەندبوونی دەستور زیاترە لەڕەتكردنەوەی,,ئەرگەرچی لەسەرئاستی شەقامی كوردیدا تەواوی دەستكەوتەكانمان بەدەستنەهاتووە و گلەیی           وگازەندەی ڕەوای خۆیان هەیە,بەڵام نەك وەك بەهانەوپاكانەكردن بەڵكوو وەك درككردنێكی ڕیالیستیانە بەفاكتەرە دەرەكی و ناوەكیەكانی فشار,دەكرێت دەرهەق بەئەمڕۆی          گۆڕەپانی سیاسی عێراق وناوچەكە وەك نەبوونی ئەلتەرناتیڤێكی كاراو ڕۆشن لەلایەن سەركردایەتی سیاسی كوردەوە مایەی قبووڵ و ڕەزامەندی بوون لەتێكڕای مادەو بڕگەكانی
دەستوورنوێی هەمیشەیی عێراق كرابێت..لەسەۆئەودەستەواژەیەی دەڵێت ( خواردنەوەی ژەهرتاڵەبەس ناچاری یە )
سەرەڕای ئەوەی لەپرۆسەی نوسینی دەستوری هەمیشەیی دا خەڵكی كوردستان زۆرلەترۆپكی ئامانجەنەتەوایەتیەكانی خۆی بەخاتری ناسكی هەلومەرج و ڕازیكردنی پێكهاتە
جیاوازەكان هاتۆتەخوارەوەو سپاردویەتی بەئایندەیەكی گوونجاوتر..كەچی هێشتا گۆێبیستی دەنگۆی كەسان ولایەنێك دەبین كەنامەسئولانە وخۆبەخۆ, لەكەسان وكیانی سیاسی و خاڵی لەجەماوەر لەناو عەربی سونە نەك نیگەرانن بەڵكوو بەقسەو وتاری پڕلەسەرگەردانی سیاسی ونالۆژیك دژایەتی دەستوور دەكەن,هەڵوێستی ئەوبەناو كەسایەتی وكیانە
سیاسیانە كەبەناوی عەرەبی سونە لەبەرامبەر لەبەرچاوونەگرتنی ناواقیعیانەی تێكڕای عێراق بەنەتەوەونیشتمانی عەرەب و بەدیفاكتۆبوونی هەرێمێكی فیدراڵی بۆخەڵكی كوردستان لەدەستووری نوێی هەمیشەییدا,توشی شۆكبون هاتوون وبەترسێكی سیاسی وچارەنووسسایكی تسوونامی چاوەڕوانكراو بۆسەرخۆیان دەزانن,دەبێت ئیتر ئەو ڕەووت وكیانە
سیاسی یانە لەوشێوە هەڵوێست ومناوەرەسیاسی یە نەزۆكانە كەوەك كارتێكی گوشار دەیانەوێت لەبەرامبەرخەڵكی كوردستان فڕەیدەنە ناوگۆڕەپانی سیاسی عێراق, بەئاگابێنەوەو
لەو خەوەی فشیزمی نەتەوەیی ڕاچڵەكێن,كەتوانای خوێندنەوەو هەرسكردنی گۆڕان ودانپێدان بەمافەكانی خەڵكی كوردستانیان نیە ئەمەش بەواتای درێژەدان بەئەگێنداو كردە وەكانی دیكتاتۆری لەبەرامبەرخەڵكی عێراق وكوردستان بەتایبەتی,كەبێشەرموبوودەڵەنەترلەڕووە ڕاستیەكەیدا(داكۆكیكردنیانە لەبەعسیزم)داكۆكیكردنەلەحزب و ئایدۆلۆژیایەك
كەئەنفال و كیمیاباران,ڕاگواستن وڕەشەكوژی وپاكتاوی نەژادی بۆخەڵكی كوردستان بەكوردوتوركمان وكلدوئاشورەو پراكتیزەكرد,داكۆكیكردن وزەمینەسازیە بۆبەردەوامی عەقڵێك
كەداگیركردنی كوەیت وڕەشەكوژی شیعەكان ونەیەرانی سیاسی و وێرانی ژێرخانی ئابووری بەنەهامەتی بۆخەڵكی عێراق هێنا,لێرەبەدواوەهەڵگرانی پەیامی بەعسیزم ئەگەر خوێندنەوەیان بۆ گۆڕانەكان نەبێت و سەلماندنی مافەكانی كوردو توركومان وكلدو ئاشور  لەتەك جیاوازیە ئاینی ومەزهەبیەكانیان لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقدا پێقبوڵنەكرێ و بەئەستەمی بزانن ئیدی ڕاشكاوانە ئەو مەیل وتێزە لەژێر هەرناو بەرگێكی سیاسی دابێت دەوری كرێگرتەی وداردەستی بۆ وولاتانی ناوچەكەدەبینێت بۆتەگەرەخستنەبەردەم بنیاتنانەوەی عێراقێك كەمافەكانی خەڵكی كوردستان وئێتنیكەجیاوازەكانی تری تیا بچەسپێت,ئەوهەڵوێستەی هەندێك كەسایەتی وكیانی سیاسی كەخۆ بەنوێنەرو دەمڕاستی

سونه دەزانن بەقازانجی یەکپارچەیی عێراقێکی یەگرتوونابێت,بەڵکوزەمینەسازیەبۆپارچەپارچەبونی عێراقێك کەبێەوێت لەسەرپایەکانی فاشیزم وشۆڤینیەتی نەتەوەچێتی

بنیاتبنرێت زەرەرمەندترین پێکهاتەش لەدەرئەنجامەکانی هەرگۆڕانێك کەئەو هزر و هەڵوێستەمەترسیدارانە بەدوای خۆیاندا دەهێنێت عەرەبی سونەدەبێت کەبێبایەخ و نا ستراتیژترین هەرێمی خاڵی لەسامانەسروشتییەکان و پێگەی جیوگرافیایی یان پێدەبڕێت....پێداگیربوونی عەرەبی سونەو هەرپێکهاتەیەکی تر لەوجۆرە توندڕەوی وناواقیع بینیە لەهەڵوێستیان نەخوێندنەوە و بەڕەوانەبوونی مافەکانی خەڵکی کوردستانە بەکورد و تورکمان و کلدوئاشوورەوە, بۆیە دژایەتیکردنی دەستورێك کەلەڕەشنوسەکەیدا دەرهەق بەئەمرۆ کەم تازۆر لەماف و داخوازیەکانی تێکڕای پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستانی تیادا نوسرابێت ,درێژەدانە بەفاشیزم و نەتەوەچێتی لەبەرگێکی نۆێی بەعسیزمدا.........